Landstinget Kronoberg

# مردن و تیاچوون

ئەگەر کەسێک لەماڵدا یان لە شوێنێکی گشتیدا تیاچوو، بۆ Alarm SOS (112)، ناوەندی چاودێریی تەندروستی سەرەتایی خۆتان یان بۆ ناوەندی فریاگوزاری پزیشکی تەلەفۆن بکەن.  بۆ پڕکردنەوەی بەڵگەی تیاچوون و بۆ دیاری کردنی هۆی مردن، جەستەکە دەبێت لەلایەن دوکتۆرێکەوە بپشکندرێت. ئەمە ئەنجومەنی ناوچەی کرۆنۆبێرگ و بەرپرسانی پۆلیسی کرۆنۆبێرگ لەبەر دەگرێت.

ئەگەر مردن لە نەخۆشخانە یان ناوەندەکانی تری چاودێری تەندروستی ڕوودات، هەموو کاتێ کارگێڕانێک بە دەستەوەن کە دەتوانن بەو پرسیارانەی ئێوە کە ئەگەریان هەیە وەڵام بدەنەوە. ئێوە ڕێگەپێدراون کە بۆ دوایین جار کەسی تیاچوو ببینن. پاش چەند کاتژمێر جەستەکە (لاشە) بۆ ساردخانە دەگوێزرێتەوە. هەردوو نەخۆشخانەی ناوچەی ئێمە شوێنی نوێژ خوێندنیان هەیە.

## پشکنینی لاشە

هەندێ جار بۆ دیاری کردنی هۆی مردن ڕەنگە پشکنینی لاشە (چاک کردن) پێویست بێت. هەندێ جار بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی پێشووەچوونی نەخۆشی و ئیمکانی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خزمەکان یان پزیشکی پێوەندیدار پێویستە پشکنینی لاشە جێبەجێ بکرێت. دوکتۆر بە شێوەی ئاسایی پێش جێبەجێ کردنی پشکنینی لاشە بابەتەکە لەگەڵ خزمەکان دەهێنێتە گۆڕێ و ئەمە بە توندی لەلایەن ڕێسا و یاساکانی سویدەوە جەختی لەسەر کراوە.

## بە خاک سپاردن و گواستنەوەی جەنازەی کەسی تیاچوو

کاتێ مردن لەلایەن دوکتۆرێک لە دەرەوەی نەخۆشخانە پەسند کرابێت یان کاتێ نەخۆشیەکە لە ناوەندێکی چاودێری تەندروستی تیاچووبێت، ئەندامانی خێزان بە شێوەی ئاسایی بە بەڕێوەبەرێکی ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردن پەیوەندی دەکەن. کارگێڕانی چاودێری تەندروستی دەتوانن هەرجۆرە پرسیارێک وەڵام بدەنەوە. بەڕێوەبەرێکی ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردن کاری پێویست بۆ هاتوچۆ جێبەجێ دەکات و هەروەها سفارشت و هەندێ تێبینی سەبارەت بە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردن سفارشت دەکات. هەروەها ئەگەر مردن کاتی دیدار لە وڵاتێکی تر ڕوویدابێت یان ئەگەر لاشەکە پێویست بێت بۆ وڵاتێکی تر بگوێزرێتەوە، کارگێڕانی لەبەرچاو گیراو دەتوانن لەمبارەوە هەندێ سفارشت پێشکەشی ئێوە بکەن.